لە گوندێکی سنووری ناحیەی بەردەڕەش شەڕ ڕوویداوە و بەهۆیەوە پێنج کەس بریندابوون

کەمێک پێش ئیستا لە گوندێکی سنووری ناحیەی بەردەڕەش شەڕ ڕوویداوە و بەهۆیەوە پێنج کەس بریندابوون.

ئەمڕۆ شەممە ٢٢ـی ئازاری ٢٠٢٥، تەحسین عسمەت، بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو بە میدیاکانی راگەیاند، لە گوندی گەمەزەرد لە سنووری دارەتووی سەربە بەردەڕەش بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە پێنج کەس بریندابوون.

بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو ئاماژەی بەوەشکردووە، لە ئێستادا بریندارەکان گەیەندراونەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ئاکرێ و دوو لە بریندارەکان برینەکەیان سەختە.

باسی لەوەشکرد، لە ئێستادا هێزە ئەمنییەکان لە شوێنی ڕووداوەکەن و لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە.